# نەورۆزانە

**شیعرە تەنز !! !!**

سەید یاسین قورەیشی

بەهار هات و لەوەڕ شین بوو، زەڕەی کەر دێ لە هەر لایە
چریکەی بولبول و قومری، لە ناو باخ و چەمەن نایە
نەما حەوسینی نەورۆزی، مەگەر شین جێ نشینی کەی
شیرینی و میوە و ئاجیل، لە سەر سفرەی دەبا بایە
لە شەقام و لە قاناوا کە ساڵان نەیدەکێشا ئاو
ئیسێ هەر تۆز و خۆڵ دێنێ جەنابی با لە سەحرایە
کەمە وا بەرگی نوێ پۆشێ، جل و بەرگ لە کڕین نایە
ئەوەی وا پۆشتەشە بێ شک، تەناکۆڕای لە بەر دایە
لە بەر پێی تۆ ئەتۆقێنن، لە پەستا چل تەقە و فیزا
چ دەبوو وەک قەدیم لێدەن لە دەهۆڵ و لە زوڕنایە
میوانی نەورۆزی هاتن بە عەینی وەک مەلی کۆچەر
میوانداری لەوان سەختە، مەگەر بۆوەی وەکوو شایە
ئێتیکێتی نرخ مارە و لە دوور ژەهری ئەهاوێ بۆت
ئەوەی کە لێی نەترسابێ پووڵ و پارەی لەلا کایە
تەواو بوو هێلکە ڕەنگ کردن، هەلاوەی چی؟مەلاوەی چی؟
دەڵێن ئەو دابە کەنسێل بوو، مەدەن ڕۆڵە لە دەرگایە
دەبێ تەکلیفی نەورۆزی بنووسی بۆ بلە و قاسم
دەبێ سەت مەسئەلە حەل کەی، بۆ خاتوون و بۆ زارایە
لە پەستا پووڵ بە سی دی دەی، بۆ فیلمێکی دەری پیتی
دەنا یەک پێت لە سەر بانە، کە دیشت تێک نەدا بایە

له شەقام شانە چرکێیە، بە چەشنی شارە مێلوورە
یەکێ گیرۆدەیی ئادەم، یەکێ چاوی لە حەوایە
بڕێ دوای نان و پێخۆرن، لە خێزاندا بڕێ زۆرن
سەفی نان و سەفی سەنگەک بۆوان عەینی بەهەشت وایە
چەنێ بۆگەن دەبێ شاری، لە بەر بۆ دووکەڵی باڕووت
سووتانی جیر و میر کوانێ، وەکوو ئاگر لە مەزرایە
هەتا چاو لێ ئەکەی سێنزە، تێپەڕ بووگە لەساڵی نوێ
لە شار ماڵ بەر بەڕەڵڵایە، لە سەحرا بەزمە هەڵڵایە

وەرگیراو لە وێبلاگی 'سەید یاسین قورەیشی'،


ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

www.rojhalat.de

www.bokan.de

**Email: redaktion@rojhalat.de**